www.kurdistannet.org
29-8-2007 2:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دەمامکی ئا سۆ عەلی وئاسۆ عەلی دۆڕاو ... پۆڵا موحەمەد**

کاتێک کەشۆڕشێک سەرقاڵی گۆڕانی دەسەڵاتێکی ئیستبدادی دەبێت، ئاساییەکەگوێ بەهەندێک لەکەم وکوڕییەکانی نەدات و بۆ چارەسەری دەرفەتێکی دی هەڵبژێرێت، بێجگەلەو هەڵەزۆر گەورانەی کەکار لە ستراتیژو پاراستنی حیزب و شۆڕشە کەدەکەن و رەوتی شۆڕشەکە بەتەواوی تێکدەدەن، کە



ئەمەش لەزۆربەی شۆڕشکانی دونیادا بەشێوازی توندوتیژی شۆڕشگێرانەچارەسەر دەکرێت.
بەڵام پاش ڕوخاندنی دەسەڵاتی تۆتالیتاروفاشی و سەرکەوتنی بزوتنەوەشۆڕشگێرانەکەو بەرقەرار بونی زەمینەیەکی ئازاد، کاری هەموو حیزبێکەبەخۆداچونەوەیەک بەسەراپای ئەندامانیدا بکات، بەباش و خراپییەوەبۆدانانی پیاوی شیاو بۆ جێگای شیاو، وەوورد بوونەوەلەهەموو ئەو هەڵانەی کەکاتێک بووە فریای چارەسەری نەکەوتوون، ئەمەش هەر بەخاتری دارشتنی نەخشەیەکی تەندروست کەمەنتیقی شاخ بگۆڕێت بەشارو پێودانگێکی شۆڕشگێرانەدابنێت بۆ یەکەبەیەکەی ئەندامەکانی و لەهەڵەو کارەچاکەکانیشیان بکۆڵێتەوە، هەتاوەکو کەسی شایستەیلەدەست نەچێت و رەوتی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی وحیزبێتی بەئاکامێکی هەمیشەبەرزدا بڕوات و لەچارتی مێژوویدا پلەبەرزەکانی بۆخی داگیر بکات.
بێگۆمان ئەمەش بەهەرشێوەیەک لەشێوەکان کاری رێخستنەکانی حیزبە، کە شادەماری دڵی حیزبن، لە دوای سالأنی پاش هەرەس، یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەحیزبێکی زەبر وەشێن وکاریگەر بووەدژ بە رژێمی بەعس و نەیارەکانی کورد، حیزبێک بووەبەهۆی ئەوسیفەتانەیەوە کاریزمایەکی بۆخۆی دروستکردووەوخەڵکی خۆشی وویستووەو کاری بۆ کردووە، مەخابن لەم دوای دواییەدا کەسانێکی وورە ڕوخاوی دێرینی قووتکردەوەبۆ بەڕێوەبردنی (مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنەکانی سلێمانی ـی ن ک) کەهەرگیز لەوکەسانەبەفلتەری قارامانێتی وخۆڕاگریدا دەرناچن و هەرگیز یەکێتی پارێز نین و ناچنەناو لیستی سەروەری مێژووی ئەو حیزبەوە.
دەکرێت گەر پێویست بکات، ناو بەناوێک بەزنجیرەهەندێک لەو کەسەماستاوچی وترسنۆک و ڤایرۆسانەی دژ بەسەروەری (ی ن ک) نن و ئێستاش کار بۆ تێکدانی دەکەن و لەدوژمنانی یەکێتی خراپتر لەسەنگەردان بڵاو_ بکەمەوە.
کەسێکی وەکو (ئاسۆ عەلی) کەکەم لەمێژووی یەکیتی نیشتمانی کوردستاندا، نمونەی لەو جۆرەخەڵکە خراپانە بەو شێوەیەقووتکراوەتەوەو (بارز) کراوە، لەشونێکیشدا کەمەڵبەندی ڕێکخستنە، لەو ماوەیەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەئەم زاتەلێپرسراوی مەڵبەند بووە، پەککەوتەترین قۆناغەکانی حیزب بووە، گەر لەسەر چارتیک بە یانی بکەین، لەئاستی نزمبونەوەی بەردەوامدا بووەو دیسپلینەکانی ڕێکخستنی هەڵوەشاندووە ومامۆستای دووبەرەکی و دەرهێنەری شانۆیی شەڕی براکانبووە، بەواقیعی و بەکەسانی دڵسۆزی نمایش کردووە، بەبیانووی چاکسازی و ئەنتی بەگەندەڵی، کەپاشانیش هەر بەتراژیدیایەک کۆتایی پێدێت و زیان بە (ی ن ک) و شەڕخستنەناوماڵی کوردییەوە دەبێت.

(ئاسۆ عەلی) پاش ئەوەی چەند سالأێکی کەم کەپێسمەرگەبووە، پاشان چووەناو (ئالأی شۆڕش) ەوە، ئە و ئالأی شۆڕشەی، کەئێستا هەموودروستکەر ولایەنگرانی پەشیمانن لەرروودانی.
چووەدێی (زێوێ) بەوورەیەکی روخاوەوە، خەبات و شۆڕشی بیرچووە وە، کەوتەبەخێوکردنی غەریزەنابە جێ و نا شایستەکانی کەلەو کاتەداو لەڕۆژگارەدا کاتی نەبووخەباتی بۆبکرێتەقوربانی، حەزی لە کچێک کرد وگیرۆدەی بوو، هەموو خولیایەکی بوو بەو، سیاسەت و شۆڕشی بیرچۆوە، لەکاتێکا لەرۆژگارە دا کەسەدەها کوڕی ئازاو قارەمان لەزیندانەکاندا دەنالأن ودەیەها (تنضیم) و پێشمەرگەشەهید دەبوون.
حەزی لەکچەعەشایرێکی بەرزانی کردبوو، کەئەوانییش بەهیچ شێوەیەک نەیان دەدایە، چونکەئەم (مە مە) روخاوەسۆرانی بوو ... .، لەبێ ئەمەلی و بێبڕوایی بەخۆی چووەهەڵەبجە، هەر لەو رۆژەوەنەدەکرا چی دی دەمامکی شۆڕشگێڕی ودژ بەڕژێم بپۆشێێت، هەر زوو کەسایەتی خۆی لەلای کەسەنزیکەکانی ئاشکراکرد، کەئێستا خۆش بەختانەلەژیاندان، هەواڵی بۆ (ک. ق) و باوک و دایکی نارد، کەسەردانی بکەن وبەڕگایەکدا بینێرنەوەبۆ ناو شار.
(ک. ق) دەڵێت، کاتێک ئاسۆعەلیمان لەهەڵبجەبینی، دەستی بەگریان کردو پێی ووتم ئیتر لەلای من خەبات باوی نەماوەو بەهەر شێوەیەک بێت دەماوێت تەسلیم ببمەوە، (ک. ق) ش بەهەزارحاڵی ناخۆش گەیاندبویەوەسلێمانی.
ئاسۆ عەلی ماوەیەک بەفیراری لەسلێمانی مایەوە، پاشان چووەوەریزی سەربازی و بەمەش هەر قایل نەبوو، بڕیارێکی تەواو خۆکوژانەو باوەڕکوژانەی پیسی دا، کەئێستا ئەم نووسینەی بەمن نووسی، کەئە ویش بڕوا هێنانبوو بەژیان لەژێر چەتری خیانەت و جاشایەتیدا، پێناسێکی جاشایاتی هەڵگرت و گۆڕیییوەبەباوەڕی شۆڕشگێرانەو لەساڵی (1987) وەدوکانی بەرگدرووی دانا ... . ؟؟؟؟؟؟؟؟
جا لێرەوە ئەو پرسیارانەخۆیان قووتدەکەنەوە، کەهەموو ئەندامێکی ڕکخستن دەتوانێت، وەکو ڕەخنەی شۆڕشگێرانەو دیسپلینی ناو ڕێکخستن ئاراستەی (ئاسۆ عەلی) بکات، پێویستە لێی بپرسرێتەوە، خۆ ئەو کات ئەگەرهەموو (تنقیم) سەریان بۆ پێناسێکی جاشایەتی شۆڕ بکردایە، ئێستا زۆربەی شەهیدەکانمان لەژیاندا دەبوون؟
ئەو کاتانەی (ئاسۆ عەلی) تەسلیم بۆوە، بەعس فۆرمێکیان دەدایتێ ودەبوایا بەپێی وویستی بەعس پڕتبکردایاتەوە، ئاسۆ ئەو فۆرمەی پڕکردەوە، کەدەیەها پرسیارو پەیمانی تێدا بوو، کەهەمووی لەبەرژە وەندی ڕژێمەفاشییەکەدابوو، وەدژ بەکورد وبزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلەکەمان بوو، بێگومان ئاسۆ عە لی ئەو فۆرمەی پڕکردۆتەوەوئیمزاشی کردووە.
(بەختیاری ناهی) کەپوورزای (ئاسۆ عەلی) یە، سلێمانی ووتەنی گەواری بووە، زۆر جار بۆ سەلامەتی ژیانی مەسئول مەڵبەندی ڕێکخستنی (1) ی یەکێتی پێشوو، وەرەقەی بۆ دەکرد، کەعوزری ئەمەزۆرلەقە باعەت خراپترەووتەنازولێکی زۆرگەورەترەترێتی بۆ دائیرەیەکی رژێم کەچەندەها کوردی تیا شە هیدکراوە، چەنداها کوردی تیا ئەشکەنجەدراوەبەشێوازێکی زۆر نا مرۆڤانەی لێدان وهەڵواسین وکارە بالێدان و بوتڵخستنەناو لەشەوەبەوپەڕی بەدەر لەهەموومانایەکی مرۆڤانە، دەبێت بەئاسۆ عەلی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

29-8-2007 2:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بوترێت کەچۆن لەرووی دێت ئێستا قسەبۆئەندامانی ڕێکخستن بکات، خۆ ئەوانەی ئەو هەمووئازارانە یان چەشت، دەیانتوانی وەکوو تۆ بن، بەڵام.. نە و ئەوان یەکێتی بوون و کوردایەتیان هەڵبژارد نەك خۆبەدەستەوەدان وسەر شۆری بۆ رژێم.

کاتێک ژیلەمۆی ڕاپەڕینیش کەوتەبزاوتن ئەم کوردستانەبۆ تۆڵەسەندنەوەو ناسینەوەی پیاوەکانی بەعس پێویستی بەهەموو دڵسۆزێکی کورد بوو بەشداری ڕاپەڕین بکات وهەڵبکوتنەسەر دام و دەزگاکانی بەعس.، بەڵام... ؟؟؟؟؟

(ئاسۆ عەلی) هەر لەو کاتەدا بەشێوازی ئیسفزاز، بۆ ووره‌ڕوخاندنی ئەو خەڵکەراپەڕیوەی بەکۆڵانەکیەندا گوزەری دەکرد، بەخەڵکی ووتوە (خۆتان بێ عەقڵ مەکەن، بڕۆنەماڵەوە، چۆن بەعس دەڕوخێت) ... .. ؟؟؟؟؟؟؟

لێرەوەبا پرسیار لەخێزانی ئەفال وشەهیدەکانمان نەکەین، چونکەوەڵامیان بۆ کەسێکی وەکو ئاسۆ عەلی زۆرخراپ دەکەوێتەوە، بە لام با پرسیارلەو ئەندامانەی ڕێکخستناکانی یەکێتی نیشتمانی بکەین، کەچۆن کەسێک لەکۆنگرەدا هەڵدەبژێرن بەبێ ئاگایانەلە (سەر شۆرییەکانی لەوەرەقەی تەواری وپێناسی جاشایەتی)، چۆن دەکرێت جارێکی دی بەبێ هەستکردن بەبەرپرسیارێتی حیزبانەدەنگی بۆ سەرکردایەتی بۆ بدەن، کەئێستاش خۆی هەڵگرتووەبۆئەو شوێنەی کەپێشەوایەتی دڵسۆزانی یەکێتی بکات، کە ئەمەزۆر خراپ بەسەر داهاتوی یەکێتیدا دەشکێتەوە.

جا برایان ... هاورێیانی یەکێتی نیشتمانیمان، کۆنگرەی پێشوو زۆری لەم جۆرەکەسەهەلپەرستانەتیادەرچوو، بۆچارەسەر و پاراستنی ئەم حیزبەی کەبالای بەشەهیدان وسەروەران وخەڵکی خۆڕاگر گەورەبووە ، پێویستەووردبین و دڵسۆزبین، سەرکردایەتی پیاوی بەزیوو ڕوخاوی ناوێت، ئەو جۆرەکەسانەی وەکو (ئاسۆ عەلی) ن، دەبێت ڕوشکێن بکرێن ولەجێگایان ئەو کەسانەبانگێش بکرێن، کەمانایەکی زانستی ترو واقیعیانەدەدەنەوەبەو حیزبەی کەخەریکەبەدەست تێکدەرەکانیەوە، هەموو مانایەک لەدەست دەدات، کەدەتوانم بڵێم ئەگەر هەندێک کەسی دڵسۆز نەبێت، زوتر لەدەست دەچوو.

2007/08/08

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.